بەبەڵگە.... پەرلەمانتارێکی کورد داوای قەرزێک لە سودانی دەکات بە دابینکردنی مووچەی فەرمانبەرانی هەرێم

ئەندامێکی لیژنەی دارایی لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق رایدەگەیەنێت، بە نووسراوێکی ڕەسمی داوامان لە سەرۆك وەزیرانی عێراق کردووە کە بڕی 700 ملیار دینار بە مووچەی مووچەخۆرانی هەرێم بنێرێت تا ئەو کاتەی یاسای بودجە هەموارد‌کرێتەوە و کێشەی مووچە چارەسەردەکرێت.

د. جەمال کۆچەر، ئەندامی لیژنەی دارایی لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق رایگەیاند، بە نووسراوێکی ڕەسمی داوامان لە محەمەد شیاع سودانی سەرۆك وەزیرانی عێراق و ئەنجومەنی وەزیران کرد کە 700 ملیار دینار بە مووچەی مووچەخۆرانی هەرێم بنێرن تا ئەو کاتەی کێشەی مووچەی مووچەخۆرانی هەرێم چارەسەردەکرێت و یاسای بودجە هەموارد‌کرێتەوە.